# مەدحەت کاکەیی؛
# لە نەوای هێڵکارییەوە بۆ خەڵوەتگەی ڕۆشناییی ڕەنگەکان

**هەندرێن**

مەدحەت کاکەیی، لە ئەزموونی پێشوویدا، کە بریتی بوون لە تابلۆگەلێکی گرافیکیی، هێلکاریی و بابەتی ژیاندا، توانی شوێنپێی خۆی و ژیانی ڕووحی کوردیی بگوازێتەوە بۆ ناو ڕەنگەکان، کەچی کاکەیی لەو ئەزموونە نوێیەدا لە خەمی ئەوەدایە، کە لە یەکایەتییەکی  یەکڕەنگیی و ڕووبەرێکی بەربڵاودا لە هێلکاریی و فیگەرەکان، لە ئاسۆیەکی نادیاریی ئەفرێنەراودا، ئەو یادەوەرییە هەراسانەی کورد، کە بە دەستی وێرانکاریی و پەژارای پێناسەکردنی ئەو قەدەرە دەناڵێنێ، بێدەنگانە ئامادە بکاتەوە. ئەو تابلۆیە نوێیانەی هەنووکەی مەدحەت، بە چین لەسەر چینی ڕەنگەکانیانەوە، لە بۆشاییەکی ڕەنگڕێژدا گەردوونێک لە شەبەنگی ڕۆشنایی، تێڕامانێکی خەڵوەتامێز، سەرابێک لە تەرمی خاکێکی ئەنفالکراو، گەردوونێکی چۆلکراو لە مرۆڤ، نمایش دەکەن. ئەم نووسینە دەخوازێ بە نیگایەک لە چڕایەتیی گۆشەنیگای ڕاستینەی «تشتایەتیی شتەکان»ـەوە، کە مارتین هایدیگەر لە کتێبە دانسقەکەی «ڕەچەڵەکی کاری هونەریی»دا(١) دەیانهزرێنێ و لە ڕوانگەی ئارتۆر ڕامبۆی «ڕوانینوان»ـەوە بۆ پرسی دۆزینەوەی «نادیاریی»، کە لە نامەکانی ڕوانینوانێک»دا(٢) لەسەری دەپەیڤێ، کە لە کن من، ئەو دوو تێڕوانینە لە ئەفراندن بەهایان لە بن نایێ، ئەو ئاسۆیە بێدەنگەی، کە لەمدیوی یەکایەتی ئەو قەوارە ڕەنگی تابلۆیەکانی مەدحەتدا ئامادە دەبێت، بخوێنێتەوە. هەڵبەتە مەدحەت سەرەتا لە حەفتاوە، تاکو ناوەڕاستی حەفتایەکان، بە کارە هونەرییە گرافیکییەکانی، لە کۆمەڵێک پۆرتەرێت و هێلکاریی جیاواز لە شێوەی سروشتخوازیی «ناتورالیزم»یی و دەربڕینییدا، تایبەتمەندییەکانی ناخی هاومرۆڤەکان، سروتی ژیانی کاکەییەکان و هاوسێیە دوور و نزیکەکانی شوێنگەکەی خۆی و نیگای شوێنپێی ئەڤین، دلڕەقیی، ناڵە و تریقانەوەکانی مرۆڤی کوردی لەناو جیهانی ڕەنگی ڕەشوسپی و هەندێ جاریش ڕەنگیی هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکتردا، ژیاندەوە، دواجاریش هەر لە نەوەتەکانی سەتەی ڕابردوودا، بەو شێوازەی ئێستایەوە، بەرەو گەردوونێکی دیکەی «نادیار»، کارە هونەرییەکەی دەستی پێکرد. ئەو ئەزموونەشی لە شێوازێکی ڕووتکاریی (ئەپستراکت)، یەکایەتییەکی ڕەنگیی «ئەرکریول»ی شەپۆلاویی، لووس، لێڵ، پرشنگدار و بێدەنگییدا، پەنگیان دایەوە و لە پانتایی تابلۆیە یەکڕەنگیەکاندا لەنگەریان گرت. مەدحەت، لەو شێوازە هونەرییەدا، پەژارەی مرۆڤەکان بۆ چارەنووسەکانیان، نیگایە ئەڤینامێزەکان، دیمەنی جووڵەداری ئەو تشتانەی، کە لە خاکدا دەژین، دابڕان و شوێنپێی ڕووحی بریندارى کوردان ... تاد، لە یەکایەتی بۆشاییەکی چڕکراوەدا جێنشین دەکا، کە هەندێک جار تابلۆیەکان، هەر دەڵێی وارێکن لە کۆتایی گەردوون و هەندێ جاریش، مینا خەڵوەتگەیەکن لە سرووتی توانەوەی دۆناودۆنانەییانەی کاکەییەکان.

لە نیگایەکی دیکەدا، کە مرۆڤ لەو تابلۆگەلە نوێیانەی مەدحەت ڕۆدەچێ، هەردەڵێی ئەو ژیانە سوتەمەرۆ و لێکترازاوەی کوردان و بگرە خودی سروشتی تشتەکانی خاکەکەشیەتی، چیتر هێماگەل و هێڵکێشانەکان ناتوانن ڕاستیەکانی ناخیان ئاوێنە بکەنەوە. لەبۆیە ئەمدیوی تابلۆیەکانی لە وێناندنی خاکێک دەچێ، کە ڕووحگەلێکی تراویلەکەیی، شوێنپێیەک لە ژانی خاکێکی ئەنفالکراو قووڵاییەکانی بۆشایی ژیانی داپۆشیوە. بە واتایەکی دیکە، ئەو ڕەنگ و شەپۆڵە هێورانەی، کە لە یەکایەتییەکدا ڕوانینێکی خەڵوەتامێزدا نمایش دەکەن، هاوارە خەفەتاوییەکەی کۆمەڵناسی ئەڵمانیی، ئەدۆرنۆ (Theodor W Adorno)مان بەیاد دێننەوە، کە لەمەڕ کۆستی کۆکوژیی جوولەکەکان بە لە ڕۆژگاری ڕژێمی نازی ئەڵمانییدا «ئاوشوێس»دا گوتبووی: «من نامەوێ دەربڕینەکەم نەرمتر بکەمەوە، کە دوای ئاوشوێس بەردەوامبوون لە شیعرنووسین بەربەریەتە». (٣) هەرچەندە ئەدۆرنۆ چەند ساڵ دوای ئەو هاوارنامەیە، دوای ١٩٦٦، وێڕای دوودڵییشی لەوەی، کە شیعر لە توانای دابێ ئەو ئازارە دەرببڕێ، بەڵام پێی وابوو، کە پۆل سیلان، شاعیری بە ڕەگەز جوولەکەی ئەڵمانیی، کە «تاکە نووسەرێکی داهێنەری دوای شەڕی دووەمی جیهانییە، کە دەکرێ لەگەڵ ساموێل بێکێتدا بەراورد بکرێ». (٤) بەمجۆرە ئەدۆرنۆ لە پێوەندیی بە دەسترەنگینیی پۆل سیلان بەردەوام دەبێ و دەڵێ: «ئەو ئازارکێشانە لە بننەهاتووانەی، کە هاوئاستی گەورەییاندا مافی خۆیەتی وەک ژانێکی قووڵ گوزارەیان لێبکرێ: بۆیە لەوانەیە هەڵەیەک بووبێ، کە دوای ئاوشوێس چیتر شیعر بنووسرێ». (٥)

لە پێوەندیی بەوەی گوترا، گەردوونە خەڵوەتامێزەی، کە لە یەکایەتیی ڕەنگی «ئەریوکل»ی تابلۆیەکانی ئێستای ئەو شێوەکارە دەیبینن، ڕەنگە بکرێ وەک چەشنە هاوارنامەیەکی بێدەنگ؛ ئاوێنەبوونەوەی خەفتگەلێک لە شەپۆلی مەستانەی ڕەنگ، پێناسە بکەین. چونکە ڕەنگە دوای ئەو تەنگانە ڕووحیی و دەروونییەی، کە مرۆڤی کورد لە ژێر زەبری ئەنفال، کۆچڕەویی و نووشستی ڕاپەڕین، پێیوەیانەوە دەناڵێنێ، هێما، هێلکاریی و وێنەکان شەکەت بووبن لەوەی، کە ئەو هەموو شەپۆڵە ژانەی کورد دەرببڕن. هەر بۆیە ئەو شێوازە نوێیەی مەدحەت، هەوڵدانێکە تاکو ئەو نیگا، دیمەن، ڕووداو و کۆی خەمی بوونایەتیی کورد لەناو خاکی ڕەنگەکاندا بتوێنێتەوە. کاتێک مەدحەت پێشتر، لە ئەزموونی وێنەئامێزدا هەوڵیدا بەو هزر، بابەت و هێمایە جودایانەی خۆیەوە، ئەو هەموو پەژارە و پەرێشانیانە لە گەردوونی تابلۆگەلێکی ڕەشوسپی و ڕەنگییدا لە ستایلی دەربڕینیی نمایش بکا، بەڵام دواجار کاتێک هەستیکرد، کە ژانە بێکۆتاییەکانی مرۆڤی کورد، لە دەستی یادەوەرییە کەڵەکەکراو و مەحاڵییەتی گۆڕان ڕزگاریان نابێ، ئیتر کۆی ئەو تشتگەلە هەراسانانەی ژیانی هاومرۆڤەکانی بۆ ناو گەردوونێکی بێدەنگ گواستەوە. بەمجۆرە ئەو یەکایەتییە ڕەنگییەی تابلۆیەکان، هەردەڵێی قەوارەیەکن لە ڕۆچوونی بوونی تشتەکانی ژیانی کورد؛ واتا ئارامگەیەکە بۆ کۆی ئەو یادەوەرییە پەژارەئامێزەی کورد. مرۆڤ.

کە لەبەردەمی ئەو تابلۆیانە دەوەستێ و بە وردیی دەڕوانێتە پانتاییی بۆشاییی ڕووخساری تابلۆیەکان، هەستدەکا بینایی ڕۆدەچێتە ناو خاکێکی کەڵەکەکراو، یان تەختکراو، هاوکاتیش بێدەنگییەک لە نەوا، پرسیاری بینایی بەتاڵ دەکاتەوە. ئەو کارە هونەریانە لە ڕێگەی ئاوەڵاکردنەوەی گەردوونێک لە بێدەنگیی ڕەنگ، لە غەمی ئەوەیە، کە یەکایەتییەکی ڕووحیی، وەک خەڵوەتگەیەک، بە بینەر ببەخشێ. لەبۆیە دەکرێ ئەو شێوازەی ئێستای هونەرمەند، وەک جۆرە پەیامنامەیەک بۆ گەڕانێکی هێورانە بە دوای تێگەیشتن لە گەوهەری ڕاستیی و هاوکاتیش کردنەوەی ئاسۆیەک بۆ بیرکردنەوەیەکی دۆستانە لە نێوان سروشتی مرۆڤی کورد و ئەو»تشتگەلە«ی، کە لە ژیانیدا ئامادەن، وێنا بکەین. ئەو «ڕاستییە« لە تابلۆدا «شتایەتی تشتە« نادیارەکان بەدیار دەخات. کەواتە بە واتای هایدیگەر «وەرچەرخانی ڕاستیی لە نێو کار {تابلۆ}دا لە چالاکییدایە. هاوکاتیش «ڕاستیی لە گەوهەرەکەیدا هەبوونەکەی بەردەوامە، ڕاستییش وەک خۆی هەبوونەکەی لە نێو دینامیکی، جووڵەی ڕۆشنایی و پەنهانییەکی لە ڕادەبەدەردایە. ڕاستیی جەنگی جەنگەکانە، لەوێدا لە نێو هەموو ڕۆژگارەکاندا ئاوەڵایی بە جۆرێک لە جۆرەکان براوەیە، کە هەڵگری هەموو تشتێکیشە و لە دەرەوەشڕا هەموو ئەو تشتانە خۆیان دەکێشنەوە، هەر تایبەتمەندییەک لە بوونایەتیی ئەو ڕاستییە خۆی بە دیار دەخا و دەشارێتەوە. هەر کاتێک و چۆن ئەو جەنگە دەستپێبکا و وەربچەرخێ، بەمجۆرە جەنگاوەرەکان لە ڕێگەی ئەو جەنگەوە ڕێدەکەن – ڕۆشنایی و پەنهانیی- لێکدابڕاو لەگەڵ یەکتردا. بەم شێوەیە لەو جەنگەدا ئاوەڵایی سەردەکەوێ. ڕاستی ئەو ئاوەڵایە ئاوەڵایەیە.(٦( لێرەدا پرسیار ئەوەیە، کە لە تابلۆیەکانی مەدحەتدا، ڕۆشنایی ئەو ڕاستییە، چۆن ئەو جەنگە هەبوونایەتییانە ڕۆشن دەکەنەوە؟ بە واتایەکی دیکە، لەناو ئەو جەنگە چارەنووسسازەدا، چۆن دیمەنێکی کپ، یان ڕۆشنیی تشتەکان، نیگای تایبەتی کیژێکی سۆزدار، پیاوێکی شڵەژاوی ڕاماو لە ژیانە ئاڵۆزەکەی ... تاد، لە یەکایەتیی چین لەسەر چینی تاکڕەنگی بەرهەمەکانی ئەو دوایەی مەدحەتدا هاوئاهەنگییەک لە شەپۆلی جووڵەکانیاندا ئامادە دەبن؟ وەک لە دەستپێکدا گوتم، کە مەدحەت لە کارە هونەرییەکانی حەفتا- ناوەڕاستی حەفتایەکانیدا، لە ڕێگەی هێڵکاریی، وێنە، پۆرتەرێت و دیمەنە سروشتیەکانەوە، جەنگی «شتایەتی ئەو تشتانە«ی، کە لە ژیانی مرۆڤی کورد و مرۆڤایەتییدا هەن، نمایش دەکرد. کەچی لەو ئەزموونە نوێیەیدا پەنهانیەکان لەگەڵ پرۆسەی جەنگی چین چینی ڕەنگەوە پانتایی تابلۆیەکان دەتەننەوە. هاوکاتیش لە ڕووی دەرەکیی ئەو تابلۆیانەوە، تشتەکان بەناو یەکدا ڕۆدەچن و ڕۆشنایی ڕەنگەکانیش پەنهانیەکانی ئەودیوی تابلۆیەکان ئاوەڵا دەکەنەوە. ئەوەی، کە بیناییمان بەرەو «جەنگی ڕاستیی تشتەکان» بێدار دەکاتەوە، بەند نییە بە خودی هێمایەکان، وەک ئەوەی لە زۆر کاری هونەریی کوردییدا هێماگەلێکی وەک: جەمەدانی، شاخ، وێنای شەهید و ڕووداوە تراژێدیایەکان بۆ وێناکردنی ژیانی کورد ئامادەییان هەیە.

بەڵکو بەندە بە چۆنیەتیی و چڕکردنەوەی بەدیارخستنی ئەو ڕاستیانەی، کە لەمدیوی ناوەکیی ڕەنگەکاندا پەنهانن. لێرەوە «جەنگی ئەو ڕاستیە« لە تابلۆیەکانی مەدحەتدا، بە گەرمیی و تۆخیی ڕەنگ و شەبەنگی ڕووناکیی و سێبەری هێڵەکانیانەوە، ڕەچەڵەکی ڕەگەکانی ئەمدیوی ژیانی مرۆڤی کورد، بە بینراو دەکەن، بۆ ئەوەی بیناییمان بەرەو دیمەنێکی تری نەبینراوەکاندا بێدار بکەنەوە. ئەو کارە هونەریانە لە تایبەتمەندی نیگا و ورووژاندنی ڕەنگەکانیەوە ژیان بەو تشتگەلەی، کە لە ژیانمان و لە سروشتی خاک و ناخی ئێمەدا هەیە دەبەخشێ و ئێمەش لەگەڵ سەیرکردنی ئەو تشتگەلە، ئاشنای جیهانێکی نوێ دەبین، کە پێشتر بۆ ئێمە ئامادەییان نەبوو. لەو ڕوانگەیەوە، ئەو شێوازە هونەریەی مەدحەت، لە ڕێگەی گەردوونێکی بێدەنگانەی یەکایەتیی ئەو ڕەنگانەوە، ئەو مەودایەی نێوان بینایی بینەر و یەکایەتیی ئەو تشتگەلەی، کە لە گەردوونی تابلۆیەکاندا ئامادەن، کۆدەکاتەوە و یەکیان دەخات. دوای ئەوەی ئەو مەودایانەی نێوان بینەر و تشتگەل، نێوان ڕووح و جەستە، نێوان ئاسمان و زەویی لە ناو گەردوونی تابلۆیەکاندا تێکەڵی یەکتر بوون، ئیتر بەتاڵبوونەوەیەک، یان چێژێک لە بێدەنگیی، یەکایەتی ئەو بوونایەتییە لە ئامێز دەگرێ. کەواتە کاتێک مرۆڤ بە دەستی دۆشدامان و ئازارەکانیەوە دەتلێتەوە، ئەرکی داهێنان ئاوەڵاکردنەوەی ئاسۆیەکی بێمەرجی جوانیناسانەیە، تاکو بەهایەک بەو بوونە مرۆڤایەتییە گەمارۆدراوەمان ببەخشێ. بەواتایەکی دیکە، ئەرکی هەموو داهێنەر و داهێنانێک، وەک ئارتۆر ڕامبۆ لە کاتی خۆیدا گوتی: «شاعیر {هونەرمەند} پێویستە ئەو نادیارییە گەمارۆ بدات، کە لە سەردەمی ئەودا خەرمانەیەکی لە ناخی جیهانیدا فەراهەم کردووە.»(٧) بەڵام داهێنەری «ڕوانینوان» بۆ دۆزینەوەی ئەو نادیارییە، شێوەی تازەی پێویستە.»(٨) لەو گۆشەنیگایەوە، تابلۆیەکانی مەدحەت، چڕکردنەوەی ئەو گەردوونە «نادیار»ـەیە لە یەکایەتیی ڕەنگەکاندا. ڕەنگە خەمی دۆزینەوەی ئەو «نادیار»ییە و ئاوەدانکردنەوەی ژیانێکی نوێ لە «بەتاڵبوونەوە«ی ژانەکان لەو تابلۆیانەدا، تەنیا ئاسۆیەک بێ بۆ بیرکردنەوە و گفتوگۆ لە داهاتووی پێناسی بریندار و گەمارۆدراوی کورد. چونکە ئەرکی بە ڕاستیی هونەر، بریتی نییە لە پێناسەیەکی دیاریکراوی ڕاستیی؛ «تشتایەتی تشتەکان»، بەڵکو کردنەوەی ئاسۆیەکە بۆ ڕووناککردنەوەی ئەو گەردوونە «نادیار»ـەی، کە «تشتەکان»ی تێدا جێنشینە، یان دۆزینەوەی ئاسۆیەکە بۆ جەنگێکی ئاوەڵای ڕاستیی ئەو ناسنامە نادیارە. لەو دیدەوە، تابلۆیەکانی مەدحەت، لە ئاستێکی هونەریی جوانیناسییەوە، چەشنە دۆزینەوەیەکی ئەو «نادیار»ییە و ئاشناکردن و دواندنی ئەو «تشتگەلە«، کە لەو گەردوونە نادیارەی ئێمەدا فەرامۆشکراون. بۆیە گەردوونی تابلۆیەکان، وەک خەڵوەتگەیەک لەناو ئەو ژیانە وێرانکراو، یان «ئەنفال»کراوەی کوردیەدا، «شەفا»یەکی جوانیناسییانە بە ڕووحی پەژارەی ئەو خاکە وێرانکراوە و «تشتگەل»ـەکانی ناو ئەو ژیانە حوزنبارەمان دەبەخشن. دەکرێ ئەمەش هەوڵدانێک بێ، کە لە یەک کاتدا، هەم وەک لاواندنەوەیەکی ئەو یادەوەرییە

گەمارۆدراوەی کورد و هەمیش وەک ئەوەڵاکردنەوەی «نادیار»ییەک بۆ ژیان پێبەخشینی ئەو یادەوەرییە، بخوێنینەوە. کەواتە لەو گەردوونە نوێیەی، کە ئەو ئەزموونە هونەرییە دەیبەخشێ، دەکرێ ئاسۆیەکی ئاوەڵاکراوی بەتاڵ بۆ ئەو ڕووحە «ئەنفال»کراوەی کورد بە دیار بخا و بەمەش ئاشتبوونەوەیەک لەگەڵ ژیان و بوونەکەی دەستپێبکا. لەم ڕوانگەیەوە، ڕووناکییی ئەو تابلۆیانە لە یەکایەتیە گەردوونییە کشوماتەکانیاندا، سەبوورییەک بە کۆیادەوەریی کورد دەبەخشن. بینەر دەتوانێ بە بوونی شتە ڕووحدارەکانی خاک، لەگەڵ سەما و ڕووناکیی کپی ڕەنگدانەوەی ڕەنگەکاندا، قووڵایی و تەنکی ڕووبەری تابلۆیەکان، ئاشت ببێتەوە، کە بە بەرزیی و نزمییان، هەر دەڵێی بەشێکن لە لۆچ و گرژی ڕووخسار و نیگای ژنێکی کۆستکەوتووی پاشماوەی ئەنفالەکان، یان هەر دەڵێی ڕەنگی خەڵوەتگری مندڵێکی هەڵەبجەیە، کە بە هەنسکەکانی هەنیەی تابلۆیەکان، شوێنکات، خەستتر دەکاتەوە. بەمجۆرە بەدەم ڕوانینی ئێمەوە، ڕووحێکی «نادیار» لەبن ئەو ڕەنگە خەستە کەڵەکەکراوانەدا هەناسە دەدا، یان لە زەیرووحدان و ناڵە و ڕامانە. تەواوی ئەو تابلۆیە نوێیانەی مەدحەت، لە یەکاتییەکانیاندا، پێکدادانی سیمای دژوار و ڕووحی تاڵانکراوی مرۆڤی کورد ئامادە دەکەن. لە پانتایی تابلۆیەکاندا، جووڵە و شەپۆلی نیگای مرۆڤ، درەخت و دیمەنی شوێنەکان، لە ئاوێزانبوونێکی بەناو یەکترتواوەدا، بینابیمان خەڵوەتگیر دەکەن. بە هاوئاهەنگییەک لە نێوان ئەمدیوی شەپۆلی ڕەنگی تابلۆیەکان و نیگایەکانی بینەرەوە، «تشتایەتیی شتەکان» سەرەتاتکێ دەکەن. بە دیوێکی دیکەشەوە، دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین، کە لەو ئەزموونە نوێیەی مەدحەت کاکەییدا، خود/سۆبژە و بابەت/ئۆبژە، بەناویەکدا وەردەبن و لە یەکایەتیی ڕەنگدا دەتوێنەوە. چونکە ئەمڕۆ بە گشتیی لە جیهانبینی داهێناندا، «یاری»یە هونەرییەکان بزواو و لێکاوێزانن: بابەت، کەرەسە و ڕوانگە هونەرییە کۆنینەکان، بە شێوازێکی نوێ لە گەردوونی کاری هونەرییدا ئامادە دەبنەوە. ئەو شێوازە نوێیە لە هونەری شێوەکارییدا، کە لە ژێر چەتری «پۆستمۆدێرنیزم» ناودێر دەکرێ، هەر لە کۆتایی شەست و سەرەتای حەفتایەکانەوە، لە ئەمریکا، ڕۆژاوا و لەوانەش لە سوێد، بە کردنەوەی پێشەنگەکانی «مارۆ دۆشمان»، ئەندی وارۆل»، «باربرۆ بلوم»، «سندی شارمان» و «شاری لێبین» ... تاد، دەستی پێکرد و شێوازی «مۆدێرنیزم»ی خستە ژێر پرسیار، یان بە واتەی فەیلەسووفی فەرەنسیی، ژاک دێریدا، ئەو شەپۆڵە نوێیە لە جیهانی هونەردا، ئەو گەردوونخوازیی و ناوەندخوازییەی، کە هونەری پێوانە دەکرد «هەڵوەشاندەوە«. ئیتر دوای ئەو ڕیزە پێشانگەیانەی، کە سەرەتا لە ئەمریکا دەستی پێکرد، سنوورەکانی جوانیناسیی ئاوێتەی یەکتر بوون. لەو شێوازە واقیع هەم وەک خۆی و هەمیش وەک واقیعێکی خەیاڵێنراو بە شێوەگەل بەرهەمدەهێنرێتەوە و نمایش دەکرێ.
لەو ناوکۆیەوە (کۆنتێکست)، ئەگەر سەیری پرۆسەی گۆڕانی شێواز و گۆڕانەکانی

تابلۆیەکانی مەدحەت بکەین، دەبینین، هەر لە ناوەڕاست و سەرەتای هەشتایەکانەوە، بەرەو ئەزموونێکی نوێ هەنگاو دەنێ، لەوێوە بە چەشنە و تامێکی تایبەت بەخۆی، شێوازێکی ڕووتکاریی (ئەپستراکت) هەڵدەبژێرێ. بەمجۆرە دوای ئەوەی، کە لە ئەورووپا و کوردستاندا لە چەندین پێشانگەی ناسراودا، بەرهەمەکانی نمایش دەکا، توانی بە تایبەتمەندییەک لە هەڵبژاردن و وروژاندنی ڕەنگ و چەشەی جوانیناسیی، جیاوازیی خۆی ڕابگەیەنێ.

مەدحەت، لە گالێرییەکی ناسراو Aronowitsch لە ساڵی ۲۰۰۱ دا، لە ستۆکهۆڵم، پێشانگەیەک دەکاتەوە، لەوێدا مەدحەت بە نمایشکردنی تابلۆگەلێک لەو ئەزموونە نوێیەی، جەنگی ڕاستیی هونەرەکەی، بۆ بردنەوەی پەنهانیی ئاوەڵا دەکاتەوە. دوای ئەم پێشانگەیە، مەدحەت بە تام و ڕەنگێک لە سروشتی دەشتایی، گەرمیانی کورد، تایبەتمەندێک لە شێوازەکەی خۆیەوە، پێناسەیەکی تایبەت بۆ شێوازی هونەرەکەی دەستەبەر دەکا.

لەو ناوکۆییەوە، دەکرێ دیدی بینەر بۆ وێنەیەکی دیکە بکێشین، کە لە ڕووخساری تابلۆیەکانی مەدحەت ئامادەن. ئەگەر بینەر لە سروشتی ژیانی سروشتیانەی کورد بە یادی خۆی بێنێتەوە، دەتوانێ چەشنە گواستنەوەیەک لە کردەی هونەریانەی قووڕکاریی لە تابلۆیەکان ببینێ. وەک دەزانین، شێوازی چێکردنی خانوو و سواغدانی بە قووڕە سوورەی خوساو، شێوازێکە سەلیقە و چێژێکی هونەریی تایبەتمەندی کوردیانەی تێدایە، کە دەکرێ وەک تەرزە هونەرێکی خۆماڵیانە، چێژێکی جوانیناسیی کوردیی لە تەلارسازییدا سەیری بکەین. ئەو کردە هونەرییەش ڕەنگدانەوەی باری سروشت و ئامادەیی خودی «تشتەکان»ـە لە ژیانی کوردییدا. بۆیە، کە مرۆڤ بە بینین بۆنی بۆشایی بەماناکراوی تابلۆیەکان دەکا، هەستدەکا بەدیار دیمەنی ژینگەیەکی تایبەت، فەزایەکی چین لەسەر چینی قووڕێکی سوور، کەسک، قاوەیی... تاد، تامدار لە ڕووحی خاکی سەربان و ڕیزە دیوارەکانی ماڵ، وەستاوە. درزەکانی سەر ڕووی دەرەکیی تابلۆیەکانیش، هەردەڵێی ناخی پیرەژنێکە، کە لە ئاسۆی زەردەپەڕێک، یان ئاقاری کازیوەیەک دەڕوانێ و تیرێژەکانی لۆچەکانی سەر ڕوومەتیشی ختۆکە دەدەن. هاوکاتیش مرۆڤ ئەگەر سەرنج لە بۆشایی ڕووخساری ڕەنگینی تابلۆیەکان بدات، کە لە خودی سروشتی خاکی کوردستاندا چنراونەتەوە، ئەو دیمەنگەلە لە یەکاتییە ڕەنگینانەی بەرچاو دەکەوێ. ئەو شێوازە کاتێک دەترنجێتە ناو چێژی هونەری مەدحەت، کە کورد، دوای «ئەنفال»، کۆڕەو و شکستەکانی، بۆ بە واتاکردنی شووناسەکەی، پێویستی بە گوتارێکی جوانیناسیی نموونەیی، یان دۆزینەوەی گەردوونێکی نادیارە، کە لە ناخی خۆیدا پەنهانە. کەواتە سەیرکردنی ئەو تابلۆیانەی مەدحەت کاکەیی، تەنیا چێژ وەرگرتن و لێکدانەوەی ڕەنگەکان نییە، بەڵکو ئامادەکردنەوەیەکی «دۆناودۆن»یانەی شەپۆلی جووڵەی کۆی ئەو «تشتان»ـەیە، کە لە یادەوەریی ئێمەدا تالانکراون، ئەمەش وادەکا، ئاسۆیەک لە جووڵە و لەرینەوەی بوونایەتیی ئەو خاکە لە بیناییماندا ئامادە بێ. مرۆڤ کاتێک بە بیناییەکی هێورانە لەو تابلۆیە نوێیانەی مەدحەت دەڕوانێ، ڕۆدەچێتە ناو توناوتوونییەک لە بێدەنگیی، کە لەوێدا قسەکردن و لێکدانەوەکان؛ هێڵگەل و وێنە، یان بەخشینی شێوە بە یادەوەرییەکی تالانکراو، ئەو هەموو ئاوارە و ئەنفالکراوانەی ئێمە، چیتر ناتوانن بەهای ئاشتبوونەوە، سەبووریی و بەناو خود چوونەیەک بەو قەدەرە هاوبەشەی کورد؛ مەرگ و ژیانە بازنەییەکەی ببەخشن.

کەواتە کارە هونەرییەکانی مەدحەت کاکەیی، بە ڕەنگە چین لەسەر چینەکانەوە، تشتەکان، ئەزموونی مێژوویی، واتە بۆشایی یادەوەریی کوردیی دەچنێتەوە، بە ڕۆشناییە نیشتووەکانی سەر تابلۆیەکانەوە، بۆشایی نێوان ئاسمان و زەویی، ئێرە و ئەوێی بەربڵاوی یادەوەریی لێکگرێدەداتەوە، بەمەش تاکو ڕووحی کورد لە نەوای بۆشایی ڕەنگەکاندا، جێنشین بکات.

بۆ زیاتر زانیاریی، وتارێک بە ژاپۆنیی لەسەر کارە هونەریەکانی مەدحەت کاکەیی:

***...çhttp:ççwww.art-it.asiaçuçadmin_ed_co...çbHuSe2hvoOPDMf5906UT***

سەرچاوەکان:


***1.Martin Heideggerş Konstverkets ursprung. Över från tyska till svenska: Richard Matzş Daidalosş Göteborgş 1987.***

**2.** ئارتۆر رامبۆ، نامەکانی روانینوانێک و مەرگ، وەرگێڕانی بۆ کوردیی**:** هەندرێن

***3.RES PUBLICAş teoretiska och litträra tidskrifş Lundş 1998ş nrş 39ş s. 130.***

**4.** هەمان سەرچاوە، ل**: *130***

**5.** هەمان سەچاوە، ل**: *130***

***6. Martin Heideggerş Konstverkets ursprungş*** ل***: 61-60***

**7.** ئارتۆر رامبۆ، نامەکانی روانینوانێک و مەرگ، ل**: *26***

**8.** هەمان سەرچاوە**.**


***